دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

ساڵی ۱۹۷۰ دامەزراوە

# هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیەدا
● ژمارەی تایبەتی بەبۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپای عیراقی قارەمانمان لەبەرەکانی فەیلەقی سێ‌و حەوتی پاڵەوان .

پێنج شەممە ۱۹۸٦/۲/۲۰ ژمارە ۸۲۸ | ۱٦ لاپەڕە | بە ٥۰ فلس | الخميس ۱۹۸٦/۲/۲۰ العدد ۸۲۸

# لە ناویان دەبەین



## دوژمن لە دەروودەریادا لەشکست پێ‌هات بووە

## لەشکرەکانمان پەلامارەکانی بەرەوپێشەوە دەکشێن وگەورەترین زیان بە دوژمن دەگەیەنن

## لەشکری ئەبەزی باشوور رێی بۆ ناو سەنگەرەکانی دوژمن دەدۆزێ وخاک لە دوژمن پاک دەکاتەوە

لە کاتێکدا کە سوپای قارەمانی عیراق بە سێ لەشکرلە سێ قۆڵەوە هەڵی کوتاوەتە سەر هێزە بەزیوەکانی دوژمن‌لەو بەری ئاوی شەتی‌عەرەب‌داو دلێرانە سەنگەر بەسەنگەری دوژمن دەگرن‌وبست بە بستی خاکی پیرۆزی‌نیشتمان لە دوژمن پاک دەکەنەوەو لە گشت لاوەگەمارۆی دوژمنیان داوەو خۆ بەدەستەوەدان نەبێ هیچ شتێکی‌تریان فریا ناکەوێ ..

دوژمن بەسەرشێواوی چەند جارێك هێرشی هێنایە سەرهێزەکانی پێشەوەمان بە و هیوایەی کەمێ ورەبەبەر سەربازەبەزیوەکانی‌دا بکاتەوە بەڵام لەشکرەکانی سێ‌وحەوتی عیراق بە جۆرێك بەرەنگاریان بوون‌و دەستێکی وا گەورەیان لێ‌وەشاندن کە بە پەلەپڕوزە بەرەو دواوە کەوتنە پاشەکشێ ..

لە پاشاندا هەر سێ لەشکرەکە هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکانی دوژمن‌و جارێکی تر دەستێکی گەورەیان لێ‌وەشاندن‌و گەلی لە بنکەو سەنگەرەکانیان پێ بەجێ‌هێشتن تەنانەت ژمارەی کوژراوی دوژمن لەبەردەم لەشکری‌ناوەڕاست‌دا گەیشتە ۱۲۸۰ کوژراو ئەمە جگە لەوەی کە گەلێکیشیان لێ بەدیل‌گیرا ..

بۆ سەرکەوتنی کشانی سێ لەشکرە قارەمانەکەمان هەڵۆ ئازاکانمان‌و سوارە ئازاکانمان هەر هەڵمەتەو دەیبەنە سەر سەنگەرو بنکەکانی دوژمن‌و بەتەواوی دەستیان بەسەر ئاسمانی جەنگدا گرتووە هێزی دەریایشمان چاوێکی کردوە بەدەو هەر نیشانەیەکی دەریایی دوژمن لە دوورەوە دەرئەکەوێ زۆر بە زوویی راوی دەکاو تا ئێستا چەند

بڕوانە ل١٥

## گەلی عێراق بەردەوام پیلانی دوژمنانی زیندە بەچاڵ دەکا

مصلح جەلالی

دوای ئەوەی گەلی عیراقی مەزن بەخەباتی یەکگرتووی خۆی لەپشت حزبە سەرکردە قارەمانەکەی و ڕابەرە بەتواناکەی هاوڕێ‌و خۆشەویستی گەل سەرۆك صدام حسین لە بەرەبەیانی حەڤدەی تەمووزی پیرۆزدا چۆکی بەئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستەکانی داداوئەوەی گەلی عیراقی مەزن کە ساڵەهای ساڵ بوو لە هەموو خۆشی‌یەك بێ بەش بووبوون کەوتەوە خۆشی‌و بەختیاری وجارێکی تر سامانی وڵات بۆ بەختەوەرکردنی رۆڵەکانی بەکار هێنرایەوەو دوا ماڵی نەوتی گەل لە کۆمپانی‌یە بیگانەکان سەندرایەوەو رۆڵەی کورد شان بەشانی برای عەرەبی بەگوڕوتەکانێکی بێ هاوتاوە کەوتنە بوژاندنەوەو رازانەوەی گشت لایەکی وڵات هەموو ئەمانە وای لە پیلانگێڕان و دوژمنان کرد کە باش بەرچاوی خۆیان‌نە بینن و هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکی خۆیان تەرخان کرد بو ئەوەی ئەم خۆشی‌وبەختیاری‌یە لە گەلی سەربەرزی عیراق بدەن ..

بەڵی زۆر تەڵەکەبازانە گەلێ پیلان‌و فروفێڵیان بۆ دروستکردین زۆر ئاژاوەیان لەم لاو ئەولاوە بۆ نایەوە بەڵام هیچ یەکێك لەمانە لەبەردەم هوشیاریی گەل‌و یەکگرتوویی رۆڵەکانی و زانایی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌دا خۆی نەگرت‌و لە گۆڕنران .

بەڵام ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستان کە چاویان

بڕوانە ل١٥

وتەی هاوکاری ..

## ما بۆکەنگی یە ؟

لدەمەکی‌دا کو دەستەکا زۆردار ل ئیرانێ د سەکەراتێدا دژیت‌و ئەو هەمی ئەخشەو پیلانێت دژی عیراقا شۆرەشێ دانایین هەمی پوبچ بوون‌و ببای‌دا چۆن .. ئو پشتی کو رۆژ بۆ رۆژێ هێزێت دوژمنی تەنگاف دبن .. هێزێت مە یێت چەکدارێت پاڵەوان ، چەلەنگێت قادسیا صدامی دبەردەوامن لسەر چۆن‌و پێشکەفتنا خۆ ژبۆ فەبراندنا داگیرکەرێت ئیرانی‌و دچنە دناڤ سەنگەرێت وان‌داو بسەرێ واندا وێران دکەن‌و هەر هەوڵدانەکا وان یا چەپەل دشکێنن‌و بن‌گۆڕ دکەن ..

ئو هەر دەست‌درێژیەکا دی بێتە کرن بۆ سەر عیراقا شۆرەشێ .. دێ ئەنجامێ وێ خرابترو وێرانترو کەمباخ‌تر بیت ژ ئەنجامێت وان هێرشێت بەرێ ئەڤ هاتینە کرن بۆ سەر عیراقێ .. لرۆژهەلاتا بەسرا ئان میسان ئان مەندلی ئان پنجوین ..

بەلێ .. سەرکەفتنێت مە دێ هەر دبەردەوام بن ئو هێزو شیانا پاڵەوانێت مە یێت خورت‌و زیرەك دێ رۆژ بۆ رۆژێ مکوم‌تر و زێدەتر لێ هێت ج ژلایێ عەسکەری‌ڤە ئان ژی ژلایێ مەعنەوی‌ڤە

بڕوانە ل١٥

## طارق عزیز لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتاندا :

## عێراق بە لەهیچ بەرنامەیەکی پێچەوانەی یاسای دەوڵەتان رازی نابێ

بەرێز طارق عزیز جێگری‌سەرۆك وەزیران وەزیری دەرەوە پێرێ شەو لە کۆبوونەوە کوتوپڕەدا کە ئەنجومەنی ئاسایشی‌دەوڵەتان بۆ لێکۆڵینەوەی دەستدرێژی رژێمی ئێران‌بۆ سەر خاکی عیراق گرتبوی ،وتەیەکی داو وتی ، ئیتر عیراق بە هیچ بەرنامەیەك رازی نابێ کە پێچەوانەی

بڕوانە ل١٥

## شارەزایەکی سوپایی فەرەنسایی :

## هێرشەکەی ئەمجارەی ئێران لە بەزین‌دایە .

پاریس : ژەنەڕاڵ پییر کالوا شارەزاو لێکۆڵەرەوەی سەربازیی فەرەنسایی بەناوبانگ، دەربارەی هێرشی ئەم دوایی‌یەی ئێران دواو وتی ئێران ناتوانێ هیچ ئەنجامێکی سەربازیی لە هێرشە

بڕوانە ل١٥

## وتووێژەکەی سەرۆکی فەرماندە

دەقی وتووێژە رۆژنامەگەرییەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ سەرنووسەری رۆژنامەی «القبس»ی کوەیتی «جاسم محمد الصقر»دا کە هەفتەی رابووردوو بەشەکییەکەمان بڵاوکردەوە لە لاپەڕە ۳، ٤، ٥، ٦و۷دا بڵاوکراوەتەوە .

# سەرکردە لە بەرەکانی جەنگ دا














Institut Kurde de Paris

# سکالای ڕۆڵەیەکی ئێرانی

■ علی حمد امین ■ هەولێر



چۆن بلێم !!
ئەوەی لامە .. وەکو بۆمبا
بی ئەقێنم !!
لە وڵاتێك ...
بەتی ئەستووری سێدارەی !!
لە تەسبێحی نێو دەستانم نزیك تره .. !
ئەو وڵاتەی
کۆتو زنجیر ، لە بۆ جوانی
وێنەی کاژمێر !!
دەخەنە دەست ڕۆڵەکانی !!
بە ئاسانی !!

* * *

ئای چەند تاڵە !! ئەم ژینە ئاوا بە سەرچێ !!؟
لە دوو دڵی و خەم و ترسی
ئەم دڕندە .. ناپاکانە
ژینمان بره لە مەترسی !!
لەو ڕۆژەی ، هاتنە سەر کورسی !!
وام بێهاتووە
لە جلەکانم .. بەگومان بم !!
شەوان .. کاتێ دای دەکەنم
زۆر بە ووردی ، دەی پشکنم !!
نەك ئامێری .. تۆمارکردن
لە ناوی بێ !!
ئینجا بەرەو .. پەنجەرەی زوور
خێرا دەچم
توند دای دەخەم
بەسەر جەستەی ، نقووم لە خەم
نەبادا شەو ..
لە پێش ئەوەی بکەومە خەو !!
( پاسدار ) نزیکم وەستابێ
لە نهێنیم شارەزا بێ !!

* * *

بەلام .. بەلام
چاك بزانن .. ئەی خوێن ڕێژان
کوڕەی هیوام
تەختی ئێوە .. دەبێتە هەژان
هەر ڕۆژێکەو دەڵێن زووردار
سێدارەبان ، بۆ هەڵواسی !!
لە تۆڵەی گشت لێ قەوماوو
خەڵکی برسی !!
بزەی شادی .. لەسەر لێوی
گەورەو بچووك
لە پەرگەندەی دەشت و کێوی
وڵاتی خەم
بەیەك دەدەن .
دەبێتە جەژن
سەربەست دەبن ..
پیاوو ژن

# برای شەهید

● عبدالله محمد قادر ●



**برای شەهید ..**

بیرت نایە کە منال بووین ....
من خۆڵم دەهێناو تۆش ئاو
حەماموکەو خانووی
بچووکمان درووست دەکرد .
بیرت نایە چەند ماندوو دەبووین
کەچی لەبەر منداڵی
کوڵانەکانی تر ئەهاتن و .....
تێکیان دەدا .....
هەر لەو ڕۆژی تۆ
هێرشی قین بوو بە ئاوەڵتەو
هانات بردە بەر
بەرد .... داروچکە .... گشت شتێ
بۆ پاراستن ... پاراستنی
خانووە بچووکەکانمان
هەر لەو کاتەدا حەماموکەو خانووەکانمان
هیوای دوا ڕۆژی دروست دەکرد
کە ئەویش نیشتیمان بوو ....
چونکە دەمانزانی بنیاتی
زۆر سەختە .... زۆر گرانە
دەبێ و دەبێ بپارێزرێ ....
بەلام ئەمجارە شەڕ فرۆشتن
ی منالی کوڵانانی تر نەبوو
بەڵکو شەڕی دوژمنانی داگیرکەروو
ئیمپریالیزم بوو ....
هەر بۆیە تۆش سەرت ناوە ....
گیانت بەخشی .....
گیانت سپارد پێشکەشت کرد
بەو بنیاتەی ....
بنیاتت نا ....
بە نیشتیمان .

* * *

هەزار سڵاو ....
هۆ هەڤاڵم ....
سڵاوێکی شۆڕشگێڕی
لە کانگای هەموو دڵێکی
پڕ لە قین و کامەرانی و
سەربەرزی یەوە ....
بۆ دوا ووشە ....
خۆشەویستە دڵسۆزەکەم
پێت دەڵێم :-
تۆو هەڤاڵانت .... گشتتان ....
ئێوە مێژوون ....
قەڵایەکی پۆڵایین بوون
هەرگیز نامرن ....
ناسڕێنەوە
لە دڵی میللەتا ئەژین

# دەنگی میرخاسیت عیراقی

هوزانا ■ عصمت نعمة دوسکی ■



روژا میر خاسا هەلاتی
ب ڤی رەنگی بر ژێ هاتی
ب هەزار هەزار رمانا
سلاف بوان ب خەلاتی

* * *

ڤا میرخاسا بربار گیرا
بکار بینن دەعبا مێرا
قەبا ب خازن ل مەیدانێ
شەری بکەن وەکی شێرا

* * *

روژەك هەلات بر بهایە
روژا مێرێت ئەنگا ڤیایە
دیار کرنا خەبات کەرا
هەر بناڤێ مێر خاسایە

* * *

ڤیجا دایێ تو نە گری
جەرخا فەلەکی زڤری
لاندکا براێ من بە ژینە
هو برا جهێ من بگری

* * *

هەر دەم ل ناف سەن گرابم
ل ناف خینا مێرخاسدا بم
ئەز ب مرم بێمە کوشتن
بەر دوژمنی ئەز رانابم

* * *

گەلو مێرخاس قەد نامرن
ئەو زمرێ مەزن ترن
ل بەر دلێ وەلاتیا
ل روبێ روژێ ئەو رونترن

* * *

خوین رێژاندن وەك روبارا
گوه نادەنە چ رێ مملرا
دێ هەر گەهینە سەرێ چیا
خوش کەن دلێ هەمی زارا


* * *

مێرخاسەکی ڤی وەلای
روژەك هەیە ل مەهەلای
ژبیر ناکەبن خەباتا وی
نالەك مەزن بو وەلای

* * *

بو ملەتی مە سوز دای
مە سوند خاری ب خودای
ئەم بەر نادەین وەلاتی خو
بو ئارمانجا مەدا نایێ

# ئاخوندەکان تێ ناپەڕن



● موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی ●

دیسانەوە ..
بە ترس و لەرز ، ئاخوندەکان
شاڵاوێکی مردووی تریان ،
هێنایەوە !!
مەرو بزنی شارەکانیان
ڕاپێچ کردو
بەردەی ڕقی دڵی بەردی کۆنینەیان
هەڵدایەوە !!
بە نیازی ئەنگ
کوڵەی گێژیان
بۆ ناو خاکی زۆر پیرۆزی باوباپیرمان
بەردایەوە !!
ویستیان پێی نابوونیان
لە سەر بستی گەردو خاکمان ، لە « نوم ڕەساس » ،
گیر بکەن و پێشێلی کەن ..
دارخورماکان ،
بتورێنن !!
گەڵای گوڵی بزەی لێوی منداڵەکان
هەڵوەرێنن
شادیی دڵی دایك و باوك
زیندەچاڵ کەن !
گڕی قین و ڕقی ڕەشیان
پڕ لە ماڵ کەن !!
زەلی کەنار ، ( فاو ) و ( زوبێر ) ،
گڕ تێبەردەن ،
هەڵمەتی دڕ
بۆ ڕوومەتی ڕووبار بیەن !!
نەیانزانی
زەل نێزەیە
دارە خورماو ( شەتی گەورە )و ( نوم ڕەساس )مان
هەم سوپێرو هەم گوڵلەیە
ڕووبار گڕەو
ڕیشی پیسی زۆر نابووتیان
دەسووتێنێت !!
گشت بستێکی لەشی شریان
دەپووکێنێت !!
سنگی پیاوان
قەڵای خوێنی پۆڵایینە
خەونە ڕەشە پووچەکانیان
تێکدەشکێنێت !!
بازووی مەردان
گورزی توندی نەبەردییە
مەرە گەوجە گێلەکانیان
بەرەو دۆڵی دۆزەخی ڕەش
دەڕەتێنێت !!
خەونی ئەنگ و لەشی ئەنگیان
لە زەلکاوی پڕ چڵپاوی گەوجێتیدا
پێشێل دەکات !!
ئاڵای بەرزی سەرکەوتنی گەل و هیوا
لەسەر لووتکەی مژدەو شادی
زوو هەڵدەکات !!

* * *

ڕیش بۆزەکان
با بزانن ..
گەلی عیراق ، گەلی بڕواو
سەرکەوتنە
گەلی ڕۆژی تەنگانەیە ،
ڕەنجی .. کاری مەردانەیە !
پارێزەری شەت و دوورگەی ( نوم ڕەساس )و
خاك و هەردو
ئاڵای ئەم نیشتمانەیە !!
بە خوێنی لەش
دێڕی مێژووی پڕ لە خەبات
دەنەخشێنێت !!
دەستی ڕەشی دوژمنەکان
بە تفەنگی خۆڕاگرتن
لە ڕیشەوە دەردەهێنێت !!
لە سوپێری جەنگی خاڵدا
مێشکی پووچی گەوجەکانی قوم و تاران
لەبەر چاوی هەموو جیهان
دەپژێنێت !!

* * *

تێناپەڕن ،
ئاخووندەکان ..
بە نێرەدا تێناپەڕن ،
گڕی خەبات
گڕی ماف و دادپەروەریی
خاك و وولات
لەش و خەوبان لەناو دەبات !!
هەموو هەوڵ و شاڵاوێکیان
بلقی پووچی سەر ڕووی ئاوەو
بەرەو بنی بۆشایی دوور
گوزەر دەکات !!
ڕەوە کوڵە زەردەکانیان
لە بەردەمی بازووی تیژی گەلی بڕواو
نیشتمانی شارستانی و پێشکەوتندا
ناپەڕنەوە ،
لەناو خوێنی ملهوڕێتی و گەوجێتیدا
دەگەوزنەوە !!

* * *

ئەمەیە خاك ،
ئەمەیە گەل ،
گەلی بێباك !!
بە سەرکردەی شۆڕەسواری داناو چالاك
بە هەڵمەتی بێوێنەو تاك
بەسنگی پیاو ، پیاوانی مەرد
بەنێزەو چەك
مەغوولەکان دەڕەتێنێت ،
شاڵاوی ڕەش تێکدەشکێنێت !
شاڵاوی ڕەش تێکدەشکێنێت !
لە کەناری شەت و بەندەر
لە زوبێرو فاوو دوورگەی ( نوم ڕەساس )و
لە پێدەشت و جۆگەو سەنگەر
دێڕی گەورەی سەرکەوتنی هیوای مەزن
تۆمار دەکات !!
ئاڵای بلند
بۆ بلندیی ئاسمان دەبات !!

١٩٨٦/٢/١٢

Institut Kurde de Paris

# سەرکەوتووین



Institut Kurde de Paris